# پایتەختەکەی نێو دڵ

## ئەمجەد شاکەلی

لەو پرۆژەقانوونەی فیدرالی، کە هەردوو زلحیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان پەسەندیان کرد و پێکەوە مۆریان کرد و دایانە عیراقییەکان، کەرکووک بە پایتەختی کوردستان، نێو دەبرێت. دەسەڵاتی بەعس و سەددام حوسەین ڕووخا و کەرکووک ڕزگاری بوو، بەڵام هەردوو زلحیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان لەوەی، کە کەرکووک پایتەختی کوردستان بێت، پەشیمان بوونەوە. نەک هەر ئەوە بەڵکە نە کەرکووک و نە دەڤەرەکانی سەر بە کەرکووک (خورماتوو، کفری، کەلار، چەمچەماڵ) و نە خانەقین و مەندەلی و شەنگال و تەنانەت مەخمووری تا دوێنێی سەر بە هەولێریشیان بۆ نەخرایەوە سەر هەرێمی کوردستان. ئێستا پاش ئەوەی باشووری کوردستان کرایەوە بە عیراق و پاش ئەوەی کوردی باشوور عیراقێنرانەوە، سەرانی کورد، وا بە کاوەخۆ خەریکن کورد بەوە قایل بکەن، کە بەڵێ کەرکووک لە نێو دڵی کورددایە و لە نێو دڵدا پایتەختە. لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ئەڵمانی"Die Welt"[1]، مەسعوود بارزانی دەڵێت:"کەرکووک تەنیا لە دڵی ئێمەدا پایتەختی کوردستانە". ئەمەی مەسعوود بارزانی دەیڵێت، مراندن و ساردکردنەوەی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی مرۆڤی کوردە، چونکە ئەمە ڕێک وەک {من رأى منكم منكرا فليغيره بيده فإن لم يستطع فبلسانه فإن لم يستطع فبقلبه وذلك أضعف الايمان}ە، واتە: {ئەگەر کەسێک لە ئێوە خراپەیەکی بینی، با بە دەستی خۆی بیگۆڕێت، ئەگەر نەیتوانی با بە زمانی بیگۆڕێت، ئەگەر نەیتوانی با دڵی بیگۆڕێت، ئەوەش لاوازترین بڕوایە}. ئەگەر کەرکووک لە دڵدا پایتەختی کوردستان بێت، ئەوە لاوازترین و بێدەسەڵاترین و بێواتاترین هەستە لەهەمبەر کەرکووک. ئەوە کاڵکردنەوەی نەخشەی کەرکووک و سڕینەوەیەتی لە مێشک و هزر و بڕوای مرۆڤی کورددا. سەرانی کورد، لەو ڕۆژەوەی کە قانوونی کاتیی عیراقیان مۆر کرد و بەندی 58 یان قەبووڵ کرد و قایل بوون بەوەی سێ ئوستان(بێ کەرکووک) بتوانێت هەرێمێکی فیدرالی چێ بکات و کوردیان لە ئەنجومەنی باژێڕی کەرکووکدا بە 25% دانا و عەرەبی کەرکووکیان هێشتەوە، ئیدی هەر لەودەمەی ڕا، کەرکووکیان وەک پایتەختی کوردستان، تەنێ لە دڵی کورددا هێشتەوە و بە واقیع دایانە دەستی عیراقییەکانەوە. ئێستاش هیچ یەکێک لە سەرانی کورد ڕێکوڕەوان نەیگوتووە و ناڵێت، کە کەرکووک کوردستانە و بڕایەوە. جارێک دەڵێن:"کەرکووک شاری پێکەوە ژیانە". جارێکی دیکە دەڵێن:"کەرکووک شاری برایەتییە". جارێکی تر دەڵێن:"کەرکووک شارێکی عیراقییە و ناسنامەکەی کوردستانییە". جارێکیش"کەرکووک قودسی کوردستانە" و جارێکی دیکەش "کەرکووک دڵی کوردستانە". ئەگەر سەرانی کورد، وەک خەڵکی کورد، بڕوایان بەوە

---

[1] ماصپەذي http://www.peyamner.com/ 2005/2/24 ، ماصپەذي http://klawrojna.com/ ، 2005/2/25.

هەبێت، کە کەرکووک وەک خاک کوردستانە، ئیدی هیچ بەڵگە و پاساو و منجەمنج و چپە و لێوەلەرزەیەکی نەگەرەکە و با ڕێکوڕەوان و بێ دوودڵیی بڵێن کەرکووک کوردستانە. کە وا نەڵێن، ئەوا ئیدی کەرکووک تەنێ لە دڵدا دەمێنێتەوە و بەرەبەرە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، ئەو دڵانەش بێهێز دەبن و لە لێدان دەکەون و نێوی کەرکووکیش ڕەنگە ئیدی بە بیردا نەیەت.
هەر لەو گفتوگۆیەیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ئەڵمانی"Die Welt"، مەسعوود بارزانی، بێجگە لە پرسی کەرکووک، کە تەنێ لە دڵدا هێشتییەوە و کردی بە پرسێکی دڵەکی، باس لەوەش دەکات، کە خۆی دەبێتە سەرۆکی هەرێم و نێچیرڤان بارزانی دەبێتە سەرۆکی حوکوومەتی یەکگرتووی کوردستان و جەلال تالەبانی دەبێتە سەرۆکی عیراق و ئەو حوکوومەتە یەکگرتووەی کوردستانیش _ کە سێ چوار وەزارەتە گرنگەکانیان یەکناگرنەوە _ دوو پایتەختی دەبێت و هەردوو پایتەختەکەی ئێستا(هەولێر و سلێمانی) هەر وەک خۆیان دەمێننەوە. لێرەدا تەنێ دهۆک، بێ پایە و بێ بەرپرسیاریەتیی دەمێنێتەوە و نابێتە پایتەخت. سەرەتای سالانی 1980کان، کاک "عوسمانی قادر مونەووەر"، کە بە "خالە عەففان" ناسراوبوو و سالانێکی دواتر بە دەستی جەلالیستان شەهید کرا، فەرماندەیەکی پێشمەرگەیی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان بوو. جارێکیان کار بە سەر پێشمەرگەکانی دەستەکەی خۆیدا دابەش دەکات و بە یەکێک دەڵێت تۆ فەرماندەی کەرتی و بەوی دیکە دەڵێت تۆ بەرپرسی فلانە شتیت و بە یەکێکی دیکە دەڵێت تۆ بەرپرسی شتێکی دیکەیت و کار و بەرپرسیی بۆ هەموویان دابین دەکات. یەکێکیانی لە یاد دەچێت و هیچ بەپرسییەکی پێ ناسپێرێت. ئەویش دەڵێت، ئەی کاک عوسمان من، منت لەبیر چوو ئەی من چیم؟. کاک عوسمانیش دەڵێت: "تۆیش حەیاتەکەیت". بەو جۆرە دڵی کەسیان نائێشێنێت و کار بۆ هەموویان دادەنێت. دەکرێ دهۆکیش وەک پێشمەرگەکەی لەمەڕ کاک عوسمانی قادر مونەووەر، پایەی"حەیاتەکە" وەرگرێت.

2005/2/26